# ئه شق و بالاّ دەستی پیاو

سروه غەریب ـ سلێمانی

ئەشق کاتیێك کەدێینه سەرباسکردنی بەچەندین شێوه پێناسەی بۆ دەکرێت, هەریەکە بۆخۆی بەجۆرێك پێناسەی بۆدەکات, کاتێك سەیری کۆمەڵگای کوردی دەکەین لە باشووری کوردستاندا بەجارێك کوڕە لاوەکانمان بوونەتە شاعیرو شیعر دەنوسن, بەبێ ئەوەی کە هۆنراوەی زۆرینەیان تەنها خۆیان لێی تێدەگەن وخوێنەر نازانێت بەچ جۆرێك ئەم هۆنراوەی داناوە, باس لەچی دەکات؟ ئەمەش کاتێك کەروبەرووی کاکی هۆنەری دەکەیت پێت دەڵێت "من شاعیرم وشیعر دادەنێم" بەبێئەوەی کەبزانێت شیعر بۆچی دەنووسێت بەڵام پێدەچێت لەم بۆ چوونەمدا هەڵەبم ئەوانه شیعر بۆئەوەدەنووسن خۆیانی پێدەربخەن بەتەنها, ئەگەرنا هیچ شتێك نازانن لەسەرئافرەت و داواکانی و حەزەکانی, تەنها ئەوەندە دەزانن بەوشێوەیەی خۆیان کەدەیلێن ئاشقین, سەیری رووخساری ئافرەت بکەن وبۆدامرکانەوەی ئارەزووەکانی خۆی حەز بەپەیوەندی دروستکردن دەکات بۆ ئەوەش باوەری رەگەزی بەرامبەریان یان بڵێین کچەکە بهێنێت چەندین فێڵ وتەڵەکەبازی دەکات, لەرۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی فەرزی رەگەزی نێری داوه بەسەر رەگەزی مێدا پیاو باڵادەست بووه بەسەر ژندا وهەمیشه لەهەوڵی سەرکوتکردنیدا بووه قسەکانی پیاو هەمیشه لەم کۆمەڵگایەدا رێنیشاندەربووە, سروشتی مرۆڤەکانیش وایه هەرکاتێك باڵادەستبن بەشوێن وەدیهێنانی ئازرەزوەکانیاندا وێڵن.

بۆیەگەنجەکانی کوردستان وەکوڕەکان بەزۆرینەیان, لەبەرئەوەی کەباڵادەستن بەسەرئافرەتاندا چەندین فێڵ وتەڵەکەبازی ئەنجامدەدەن لەپێناوی بەدیهێنانی ئارەزویەکی سێکسی خۆی هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی دەدات لەگەڵ کچێکدا وبۆدروستبوونی ئەم پەیوەندیە چەندین درۆدەکات, تاوەکووپەیوەندیەکەی دروستدەبێت, دوایتربۆبەدەستهێنانی ئەشقی کچەکە چەندین درۆی گەورەدەکات, بەڵام لەبەرئەوەی کچەکە کۆمەڵ رێگەی پێنادات ئازادبێت لەبەرئەوە ناتوانێت هەموو فێڵ ودرۆکانی ئەو هەڵوەشێنێت پێدەچێت بپرسن کە گەنج مافەکانی خۆی پێشێلکراوەچۆن نباڵادەستە بەسەرئافرەتدا؟ پرسێکی زۆر بەجێیە, لەوەڵامدا دەڵێم راستە مافەکانی خۆی پێشێلکراوە و ئەومافانەی کەپێویستە بۆی جێبەجێبکرێت لێی سەندراوەتەوە, بۆیەئەمە بەکاری ئەودەسەڵاتە گەندەڵەی دەبینم بۆئەوەی کەداوای مافەکانی خۆی نەکات هاتوون برەوددەدەن بەوەی کەبەسەرچینی ئلفرەتاندا باڵادەست بنوەلەگەڵئەوانەشدا چەندین بەرنامەیان لە راگەیاندنەکانەوە بۆ دادەنێن کەبەناوی ئەشق وخۆشەویستیەوە بۆ ئەوەی ئەوەندە سەرقاڵبن بەوکارانەوە مافەکانیان داوانەکەن وەکوتاکی خۆم ئەمە بەکارەسات دەبینم چونکە لەلایەکەوە گەنجانی کوڕ بەشیعر و ئەشق و ئەم شتانەوە سەرقاڵدەکەن و مافەکانیان لەبیردەکەن وداوای ناکەن, لەلایەکی ترەوە کچەکان بەوە کاتەکانیان لەکیس دەچێت وهەوڵی رزگاربوون نادەن لەو بندەستیەی تێی کەوتوون هەرلەبەرئەمەشە بیرمەندی مرۆڤایەتی بەرێز"عەبدوڵا ئوجەلان" دەفەرموێت"بۆ پیاوی باڵادەست ئەشق واتە تەڵەکەبازی" دیارە ئەم بیرمەندە هیچ شتێك بەبێ لێکۆڵینەوە ناڵێت بۆ ئەمەش خاوەنی چەندین لیکۆڵینەوەیە وئەوکاتە گەشتوەتە ئە باوەڕیەی کوەهەتاوەکو پیاو باڵادەست بێت وئافرەتانیش کۆیلەبن شتێك نیە بەناوی ئەشقەوە, بۆیەپێویستە لەسەرلاوان بەکچان وکوڕانەوە چیتر بەووتەکانی ئەوسیاسیەناسیاسیانەومیللەت چەوسینەرانە هەڵنەخەڵەتێن وفریونەخۆن ورێگانەدەن بەناراستەووخۆ سیاسەتیان لەسەربکرێت وەمن پێم وایە کە ئەشق کاتێك دەبێت بکرێت کە ئافرەت ئازادبکرێت بۆیە پێویستە لەسەر هەرکەسێك کەئەشقەکانیان دوابخەن بۆدوای وبەدیهێنانی سەربەستیەکانی ئافرەتان کاتێك کەئافرەتان ئازادبون ئەوکاتە دەتوانین مومارەسەی حەزوئارەزوەکانمان بکەین